دیداری سودانی و ستارەر، دووەمین پیاوسالاری.. شەرین عەبدوڵڵا

هەرکەسێک لە دوور یان نزیکەوە ئاگاداری دۆخی ژنان بێت لە عیراق، ناتوانێت چاوپۆشی لەو پاشکۆیە کۆنەپەرستانە گەورەیە لە ماف و ئازادییەکانی ژنان بکات لە ناوجەرگەی هەژموون و کۆنترۆڵی هەزە میلیشیایی و تائیفی و عەشایریەکان لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، و بەی دەردەکەوێت کە بەگەی تایبەت بە ژنان لە بەیاننامەی هاوبەشی ئەم دواییەی نێوان سەرەک وەزیرانی بەریتانیا و سەرەک وەزیرانی عەراق، کە لە دوای سەردانەکەی ئەلسودانی بۆ بەریتانیا دوو هەفتە لەمەوبەر بڵاوکرایەوە، سەرلەشوێنەر و چەواشەکار و بگرە سووکایەتیکردن بوو.

تەنها هەفتەیەک بەسەر وادەی ئەو بەیاننامەیەی سەرەوە تێپەڕیبوو، کە پەرلەمانی عەراق، بۆ دیاریکراوی لە (٢١)ی کانوونی دووەم (ی ٢٠٢٥)، و لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکەی سێ قۆناغی کۆنەپەرستانەی یاساکان لە نێوان بلۆکە پەرلەمانییەکاندا، یەکێک لە کۆنەپەرستانەترین و ئازارەندانەترین یاساکانی لە مێژووی وڵاتدا لە دژی ژنان پەسەند کرد، واتە: هەموارکردنەوەی بەدناوی یاسای بەاری کەسێتی (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩). لەم مامەیەدا، بلۆکە پەرلەمانییەکانی تائیفی شیعە و سوننە و کورد ژیانی ژنان و کچانی عەراقیان خستە مەترسییەوە لە پێناوی چەند دەستکەوتێکی سیاسی دیاریکراو، هەریەکەیان لە بەرژەوەندی بلۆکە پەرلەمانییەکەی خۆی. پەدەچێت ئەم هەوداوە گەورەیە و ئەم بازە مێژووییە گەورەیە بۆ دواوە، کە چەند مانگێک، مایەی نیگەرانیی گەورەی ملیۆنەها ژن و منداڵی عەراق و لایەنگرانی ئازادی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و سۆشیالیستەکان و هەموو پێشکەوتنخوازان بوون و هەڵوێستەکە بۆ سەر ژیان و سەلامەتی هەموو ژن و کچ و منداڵێکی ئەم کەمەگایە، لە بیر و ئاگای هەردوو سەرەک وەزیران غائیب بوو!

یەکەم شتی سەرنج ڕاکێش لە خوێندنەوەی ئەو بەگەیەی کە تایبەتە بە ژنان لە بەیاننامەکەدا تایبەتمەندبوونیەتی بە دەستەواژەی بەناوەڕۆک و پووچەڵ کە هیچ جۆرە بەڵێن و پابەندبوونێک سەبارەت بە مافەکانی ژنان و پەگەی ئەوان لە عەراقدا نیشان نادات، دەستەواژەکان لە چەند وشەیەکی بەتاڵ تێناپەڕن وەک "بەڵێن"،

"پشوازی"، "هەڵوەشاندنەوەی وتن لەسەر"، "درکیان کرد بە گرنگی"، کە هیچ گومانکاریەکی تێدا نیە لە ژیانی ناهەمواری ژنان لە عێراقدا بەدوادا نایەت، بەڵام ئەمە نابووە هۆی نائومێدیم، چونکە هیچ پشکۆتنێک چاوەڕوانکراو نییە لە ماف و یەکسانی ژنان لە عێراقدا لە سایەی ئەم سیستەمە تائیفی و ئایینی و ناسیۆنالیستییەی نوقمی پیاوسالاریە. هەروەها، بایەخدان بە ماف و خۆشگوزەرانی تۆژەرە بەبەشکانی کۆمەڵگاش بەشێک نییە لە ئەولەویاتی ئەجێندەی پارتی کرێکارانی ئێستا لە بەریتانیا بە سەرکردایەتی کیر ستارمەر، ئیتر چۆن دەتوانێت گرنگی بە ژنانی عێراق بدات، بە تایبەتی کە پارتەکەی ئەو، بە سەرکردایەتی تۆنی بلێر و هەڵەی ئیستەوی ناو پارتی کرێکارانی ناسراو بە (نیو لەیبەر)، هەڵەکەی کاریگەری لە داگیرکردنی عێراقدا گەلا و بووە هۆی وێرانکردنی هەموو ژێرخانی وڵات و چەسپاندنی تائیفەگەری و لەئاکامدا هەژموونی حزبە ئیسلامی و تائیفی و ناسیۆنالیستەکان و تەشەنەکردنی گرووپە تیرۆریستەکان و کۆمەکوژییە کارەساتبارەکانی عێراق.
بەڵام ئەوەی مایەی بێزاریە لە بەیاننامەکەدا، ئەو دووڕوویی پیاوسالاریە ئاشکرایەتی؛ لە بەگەی تایبەت بە ژنانەدا، بەیاننامەکە ئاماژە بە بڕینی هەردوولا دەدات بە "قوڵکردنەوەی هاوکاری لەسەر کارنامەی ژنان و ئاشتی و ئاسایش"ی نێتەوە یەکگرتووەکان و پشوازیی بەریتانیا لە " پلانەکانی عێراق بە دەستپێکردنی پلانی نیشتمانی سێهەم و تێڕوانینکی ژنە ئاشتیخوازانی عێراقی لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥دا"، وەک ئەوەی لە عێراقدا هەموو شتێک زەر باش بێت! ئەو ڕاستییەیان تەواو پشتگوێ خستووە کە لە ئەنجامی پەیداگری لایەنە ئیسلامییە سیاسییە شیعەکان لەسەر تێپەڕاندنی ئەم هەمواركردنەوەیەی یاسایە، نیوەی کۆمەڵگای عێراق کە ژنانە، هەموو هەستکی ئاسایش و ئارامیان لەدەست داوە، چ لە ماڵ و چ لە شوێنی کاریان. ئەم هەمواركردنە پشێلکردنی هەموو بەها مرۆییەکان و تەنانەت ستاندارد و نۆرمە نێودەوڵەتییەکانە، و باڵادەستی دەسەڵاتە ئاینییەکان بەسەر پرسەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە دەستبەردەکات و شەرعیەتدان دەدات بە دەستدرێژیکردنە سەر کچانی منداڵی تەمەن (٩) ساڵ و بە هاددیەکی زۆر کەمک دەکات بە هەژارکردنی ژنان و زەوتکردنی مافەکانیان لە میرات، سەرپەرشتیکردنی منداڵ و تەنانەت ئەو ماف و ئیمتیازاتە کەمانەی کە هەبێت، و دەبێتە هۆی قووبوونەوەی تائیفەگەری و دابەشبوون لە کۆمەڵگادا.
هەرچەندە بەیاننامەکە ئاماژە بوە دەکات کە "هەردوو سەرەک وەزیران هاوڕابوون لەسەر گرنگی پاپشتیکردنی ڕێکخراوەکانی مافی

ژنان و ئەوانەی کە بە هاوبەری ژنانن، هەروەها دانیان بە پێویستی بەردەوامی پاپشتی و دادپەروەری و لێپرسینەوە بە هەموو ڕزگاربووانی تونددوتیژی سەکسی کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراوە"، لە هیچ ئاپارتەکدا ئاماژە بە بوونی ژنێک لەنێو شاندەکاندا بەدی ناکرێت و لە هیچ کام لە هەواڵەکاندا هەواڵێک سەبارەت بە کێبووندەوە لەگەڵ نوێنەرانی مافەکانی ژنان نییە و هیچ کام لە گرێبەستەکان پەڕژەی پێوەست بە تەندروستی و خۆشگوزەرانی ژنان، منداڵان، یان هەر گروپێکی پەراوێزخراو لە عێراقدا نبووە. پەدەچێت شاندی عێراقی ئۆپیان لەبیر چوبێت بە هاوتا بەریتانیەکانیان بڵێن کە ژمەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ وە بە بەردەوامی شڵە لە دژی ژنکخراوەکانی ژنان دەکات و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی چالاکوانی ژنان و ڕزگاریخوازان لە عێراق دەکات!
لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە، "هەوڵە بەردەوامەکان بە کۆتاییهێنان بە تونددوتیژی دژی ژنان و کچان..."، لە کاتێکدا جێبەجێکردنی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی هیچی تر نییە جگە لە گەورەترین هەڕەمەتی تونددوتیژی دژی ژنان و منداڵانی عێراق، کە لەلایەن دەوڵەت و پەرلەمانەکەی و بە پشتگیری لەلایەن سیستەمی خزمەکی و تائیفی پیاوسالاری کۆنەپەرست کە بەریتانیا بە دیان ساڵە بەشداری کردووە و بەردەوامە لە چەسپاندنی بناغەکانی.
دوا ڕستە، "کێک بوون لەسەر گرنگی تەواوکردنی خوێندنەکی باشی کچان و بەهێزکردنی ژنان لە ووی ئابووریەوە، کە سوودی بە هەموو کەمەگا دەبەت"، تەنها گاتەکردن و گاتەجاییەک بوو، وەک چۆن هەموارکردنەوەی یاسای (١٨٨)، کە ئیلهامەکەی لە قوتابخانەی بیرکردنەوەی جەعفەری وەرگرتووە، هانی هاوسەرگیری کچان دەدات لە تەمەنی (٩) ساڵیەوە و بڕیار زیندانیکردنیان لە ماڵەکاندا و سەرقاڵبوونیان بە پەروەردەکردنی منداڵ و بەرپرسیارێتی بڵێوەبردنی ماڵ، لەکاتێکدا هەشتا منداڵن، ئیتر باسی چ پەروەردە و بەهێزکردنی ئابووریێک دەکەن؟
"مامەڵەی مەژووی"، بە سوودی کێ؟
سەردانەکەی ئەلسودانی کە بە "مەژووی" و "ناوازە" و "جیاواز" وەسف کراوە بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە بوارەکانی ئابووری و ئاسایش و کەچی نایاسایی، باس لەوە کراوە کە شاندەکی نزیکەی (٧٠) بازرگانی عێراقی و چەندین سیمینار و کێبووندەوەی تیا بووە لەگەڵ (٢٤) کۆمپانیای بەریتانی بە لەکۆبینەوە لە پەڕژەکانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت کە لە ئەنجامدا پاکێجێکی بازرگانی (١٢.٣) ملیار پاوەندی لەکەوتەوە، کە بە زنجیرەیەک لەکەوتنی هەناردەکردن پشتگیری دەکرێت، بە پشتگیریکردن لە پڕاسەندنی

پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان بەریتانیا و عێراق.
بەم ئەم (١٢.٣) ملیار بە پلەی یەکەم ئامانجی کەرتی قازانج بۆ کۆمپانیا سەرمایەدارە بەریتانییەکان و شریکە گەورەکانیان لە ناوەندی دەسەڵات و سەرمایەدارەکانی دەوروبەریان لە عێراق، و ئەم گۆشە ئابووریە سەرمایەداریە بە زەروورەت لەگەڵ هەژاری و بێبەشی زیاتر و قووڵبوونەوەی هووبەری نایەکسانی بە جەماوەری زەحمەتکێش لە عێراق و بە ژنان بەتایبەتی دێت.
ئەم هێرشە دەستکەوتی ئابووری و هێرشەها ستراتیژی و سیاسی گرنگیان هەیە بە هەردوو حکومەت.
بەریتانیا کە لە سااڵنی ڕابردوودا بەهەی بڕگزیت و پەتای کۆڤید و شکستی ئۆکرانیا چەندین گۆڕزی گەورەی ئابووری بەرکەوتووە، هەوەدەدات کۆشکانی وەاتەکەی لە بێکاری، هەژاری، کەمیی خانووبەرە و نەبوونی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بخاتە ئاستەی پەنابەران، کەچبەرانی نایاسایی، هەژاران و خانەنشینان بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئاوارەبوون و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران و بینینی زەمانی کەمەیەتی و یارمەتییەکانی خانەنشینی و فرەشتنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بە کەرتی تایبەت. یەکەک لە بەگرگرنگەکانی هێکەکوتنەکە بریتی بوو لە بیارە کەنەپەرست و سەرکوتگەرانە دژ بە پەنابەران و تاوتوێکردنی پلانی عەمەلی بە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەی دیپۆرتکردنەوەی ئەو پەنابەرانەی کە دەسیەی پەنابەریان لە بەریتانیا قبوونەکراوە و تەواوکردنی ئەو هێکەکوتنە بوو کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو لە نێوان هەردوولا ئەنجامدرا، کە وەزیری ناوخۆی بەریتانیا ئیقەت کوپەر شانازی پێوە دەکات کە کوالیتیێکی هەیە، بە تایبەت کە عێراقیەکان بەشکی بەرچاو لەم کەچبەرانە پێکدەهێنن.
سەبارەت بە عێراقیش ئەم هێکەکوتنە لە پاشخانی تەقینەوەی هووداوەکانی ناوچەکە و گەینی ژەمی سوریا و گەانکاری لە هاوسەنگی هێزی ناوچەکە و پێویستی عێراق بە دەزینەوەی هاوپەیمان لە وەاتانی هێژاوە بە خەپاراستن لە هەڕەشکانی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی ئێران و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، هێرشەها لە پێشبینیی ئیدارەی ترەمپ و سیاستەکانی بەرامبەر عێراق و ناوچەکە.
ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیعدا دەگوزەرێت لە عێراقدا، تەواو پێچەوانەی ئەو وێنە گەشاویە کە لە بەیاننامەکەی سەرەوەدا هێنگدانەوەی هەیە و ئەو هەڕەشانەی هووبەووی ژنان دەبنەوە لە پاشخانی دەرکردنی یاسای جەعفەری حکومەتی (چوارچێوەی هەماهەنگی-إطار التنسيقي)، بە سەرکایەتی ئەلسودانی، دەرئەنجامی سیاستی وەاتانی هێژاوان، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەمریکا، و ستراتیژیان

بەرامبەر عێراق، بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە.

٢٠٢٥-١-٣١

ململانێی زلهێزەکان و کێشەی کورد.. عوسمانی حاجی مارف

ئەردوگان هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە سوریادا بسەپێنێت، بەمەبەستی بەدواداچون بۆ نەهێشتنی کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکانی تورکیا، هەروەها دیپلۆماتیکەکانی زانبون بەسەر ئیدارەی حکومەتەکەی ئەحمەد شەرعەوە دوور ببینێت، تا پێگەیەک لە سوریا بەدەست بهێنێت، بەئەوەی کەمپانیاکانی بەشداری بکەن لە ئاوەدانکردنەوەدا، لەهەمانکاتدا ئەردوگان چاوی لە بەدەستهێنانی ناوچە نەوتییەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریایە، وە دیپلۆماتیکی سەرکی هەبێت لەو پرۆژەیەی کە سوریا دەتوانێ ببێتە دەروازەیەکی گرنگی گواستنەوە بۆ بەستنەوەی ناوچەی کەنداو ئێران بە ئەوروپاوە، بە ئەم مەبەستانەش هەوڵ ئەدات بەهەر شێوەیەک بێت بەربەستەکانی بەردەم پلانەکانی لابەرێت، کە پەکەکەو هەسەدە بەربەستێکی گەورەی پێڕۆکانی تورکیان.
دابەزینی دراماتیکی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار، هەروەها بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی دارایی، بوونی ملیۆنان پەنابەری سوری و عێراقی و ووڵاتانی تر لە تورکیا، بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری، ناجێگیری دەخی سیاسی ناوچەکە، کێشەکانی لە بەرامبەر پەکەکەو هەسەدا، تورکیای دەرگیر کردووە لەبەرامبەر قەیرانی ئابوری و دارایی و سیاسیدا.
لەم ئاستای ئەم دەخە پڕگرۆاو و نالەبارەدا، ئەردوگان ململانێ و شەڕکی بەربەریانە بەرامبەر ناوچەکانی کۆبانی و عەین عیسا و تەل تەمردا، بەنام ئەوەی شایانی باسە تائێستا لە لایەن خەڵك و هێزەکانی هەسەدەوە تونراوە بەرگریەکی توند بەرامبەر بە هێزەکانی تورکیاو بەکرێگیراوەکانی بکەن.
ئیدارەی سوریا بە سەرکایەتی ئەحمەد شەرع، بە نیشاندانی هەر هەوڵێك بۆ دانوسان لەگەڵ هەسەدا، ئاواتەخوازە ئەو پیلانانەی تورکیاو هاوپەیمانەکانی دژ بە هەسەدە، هەسەدە ناچار بکات ملکەچی

دەسەلاتکەی ئەحمەد شەرع بەت ئەو حکومەتە بەت کە دەیەوێ لە سوریادا دایبمەزرێنێ. لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت سنووری ئاوەکانی سوریا لەناو دەریای سپیدا دیاریبکات، کە ملیارەها مەتر سەجا نەوت و گاز لەخۆدەگرێت، لەهەمانکاتدا پەلە دەکات بۆ ئەوەی پشتگوێی حکومەتێکی دەستووری لە سوریا پێکبهێنرێت، باڵادەستی هەیئەی تەحریری شام جێگیربکات.
لەهەمانکاتدا تورکیا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەمارۆداوە. هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە سوریادا بسەپێنێت بەمەبەستی نەهێشتنی کێشە و قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆی، هەوێش ئەدات بنکە سەربازییەکان لە سوریا دابمەزرێنێت و جێگیریان بکات.
ئەردوگان چاوەڕێی ئەوە دەکات کاروباری ناوخۆی تورکیا هەر لەو چوارچێوەیەدا بەرێتە پێشەوە هەکیبخات، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەربکەوێت و ببێتە سەرکردەیەکی نمونەیی تورکیا و بگاتە پلەی کەمال ئەتاتورک و دەستاتی تاکڕەوی ڕەهای خۆی بسەپێنێت!.
هەنگاوێکی تری ئەردوگان ئەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەتی باخچەلی هەماهەنگیان کردووە، کە پێشنیاری دیداری عەبدوڵا ئەجالانیان کردووە، بۆ ئەوەی هێزەکانی پەکەکە چەک دانێن. ئەمەش بە خواست و نەخشەیەک کە ئەردوگان بەدواداچونی بۆ دەکات، کە دوو مەسەلەی بە خەیاڵەوە گرێ داوە، یەکەم: کۆتاییهێنان بە هەسورانی پەکەکە وەک هێزێکی چەکدار. دووەم: ئەردوگان هەوڵ دەدات، لە ڕێگەی ئەم مامەڵەیەوە لە گەڵ ئەجەلان و پەکەکەدا، جگە لە هەزی هەیئەی تەحریری شام، هیچ هێزێکی تری سەربازی کە ناکۆك بێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە سوریا نەمێنێت، بۆتایبەتی هێزەکانی هەسەدە . هەر بە ئەم مەبەستە لایەنگری لە پشتیوانەکەی ئەحمەد شەرع دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو گروپچەکدارەکان و تێکڕاکردنیان بۆ سوپای سوریا. بەناو ئەم ئاواتەی کە ئەردوگان بەدوایدا وەڕێ، لەنێو ململانێ و دەخاڵەتی ووڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکەدا، لەهەمانکاتدا دەوری ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بەدەست هێنانی ناڕەشن و ئاڵۆز بە تورکیا. پەیامەکەی ئەجەلانیش بۆ چەکدانان و هەوەشاندنەوەی پەکەکە کاریگەریەکی ئەوتۆی لە سەر پێگەی تورکیا نابێت کە کێشەکانی لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکاو ووڵاتانی ڕۆژئاوادا ببات پێشەوە.
وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، تورکیا هەوڵی زاڵبون بەسەر سوریادا ئەدات، بەناو لەگەڵ ڕەچاوکردن و نەخشەکانی ئیسرائیلدا ناکۆکی دەکەوێتەوە، بۆتایبەتی ئیسرائیل ڕێگەنادات تورکیا بنکەکانی لە

ناوەڕاستی سوریا دابەزرێنێت، لەلایەکی تریشەوە تورکیا لە بەرامبەر فەرەنسا، ئەڵمانیا و یەکانی... دەستەوستان ماوەتەوە، کە بانگەشەی هەڵوەستی هاوپەیمانیان بەرامبەر بە کورد و هەسەدە دەربڕیوە. بەمانایەک کە دەڵێن کوردەکان هاوبەش بوون لە هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر. بەڵام ڕاستی مەسەلەکەیان بە کورد نیە، لوتکەی ئەوروپا لە کۆرسیکا، ئامانجیان کۆتاییهێنانە بە پشێلکارییەکانی تورکیا لە گەڵ ان بەدوای سەرچاوە نەوتی و گازیەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی سوریا.

لوتکەی ئەوروپا کە لە دوورگەی کۆرسیکا لە فەرەنسا، بە سەرکایەتی ماکرۆن بەڕێوەچوو، بە گەڕاندنەوەی هاوسەنگیە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و گەڕاندنەوەی تورکیایە بە سنوورە ناوچەییەکان لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاستدا. چونکە سوریا بە دەرچەیەکی سەرکی بە ڕۆژئاوای ئاسیا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دادەنرێت، پەیوەندیەکە لەنێوان ناوچەی کەنداوی عەرەبی و ئەوروپا لەڕێگەی وشکانی و دەریاوە بەیەکەوە دەبەستێت، هەروەها ئێتوانێ دەروازەیەکی گواستنەوەی وزە لە ناوچەی کەنداو و ئێرانەوە بە ئەوروپا بە هەرزانتر ڕێکبخات. بەجگە لەوە دێتوانێت ببێتە ناوەندێکی گواستنەوە، بەیە سوریا خاڵی ترانزێت و ڕێگەوبەکی سروشتی بە سەرچاوەکانی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئێران و ناوچەی کەنداوی عەرەبی) بە ئەوروپا پێکدەهێنێت.

بەم هەیەوە یەکان و قوبرس لە بەرامبەر تەماحەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەستاون. ماکرۆن بەووڕی لەڕێگەی لەدوانێکی تونددەوە پێویستی کۆتاییهێنان بە سەرپێچیەکانی تورکیا دەربڕیوە. تورکیاش ئەم لەدوانانەی بە بێئەدەبی وەسف کردووە. فەرەنساش ئامادەیی سەربازیەکانی بەرەو سەربردەوەکو پێشبینیێك بە پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕەکان لەگەڵ تورکیادا.

لەگەڵ ئەوەی دەخەکە ئاڵوگۆڕێک و ناڕەشنی و نادیاری ئایندەی ناوچەکەی پڕە دیارە، ناتوانرێ ئاراستەی یەکلاییبوونەوەی ململانێی لایەنەکان ساغکرێتەوە، هەر لەم نەخشەدا کۆشەی کورد جارێکی تر لەنەو جەنجاڵی ئەم دەخەدا بێتەوە بە مەسەلەیەکی دیاری نەو ئەم ململانێیانە، کە هەر لایەنێک، لە پەیوەند بە گونجاندنی دەخالەتی لە ناوچەکەو بەرژەوەندیەکانیانەوە مامەڵەی پەدەکات، کە بەشێک لەڕۆژئاواو ئەمریکا و ئیسرائیل پارێزگاری لە کوردەکانیان کردوە بە باسێک.

هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، ئەردوگان لەگەڵ ڕەوتی هەنگاوەکانی بە دەخالەتی لە ناوچەکەدا، خەریکە جارێکی تر یاری بە

پرسی کورد لە تورکیاو سوریادا دەکات. لەلایەک لەگەڵی هاوەدان لەگەڵ ئەجەلاندا خەریکە سەناریۆیەک سازدەکات بۆ مۆبەستی چەکدانانی هێزەکانی پەکەکە، لەلایەکی تریشەوە هەرشەکی دەندانە دەکاتە سەر هێزەکانی هەسەدە. بەمشێوەیە هاوە ئەدات کەشەی کورد بخاتە ناو چوارچێوەی سەرکەوتنی نەخشەو سیاستەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، کە سەبارەت بە خودی کەشەی کورد پێش پێیامەکە و دوای پێیامەکەی ئەجەلان هیچ قسەیەکی جدیان نیە، جگە لە هاوەدان بە ئارامکردنەوەی دەخەکە بە بۆنەوچونی پلانەکانیان، کارەکیان بە کوردو کەشەی کورد نیە.
لەلایەکی ترەوە تەواوی ئەو لایەنانەی تر کە هاوئاهەنگی بە کورد نیشان ئەدەن، ئەوەندە دەستایەتی خۆیان دەنوێنن، کە دژمن کوردەکان ئازان و شێی دژی داعشیان کردووە و پێویستە پارێزگاریان لێبکرێت، بۆیە کەشەی کورد بگشتی لە ناوچەکەدا بکەوە دۆگات، جگە لە پشتیاری پارێزگاریکردن باسەکی تر نەهاتە سەرمێزی هیچ لایەنێک، دیاریش نیە ئەو پارێزگاریە چۆن دەکەن.
ئەوەی جارەکی تر حزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان، لە کۆبون و بۆینی ئەم سەوداو مامەڵەیدا جگە لە فرۆشتنی خۆشخۆیاەی و فریودانی خەڵک، جگە لە هاوەدان بە دەستکەوتنی ئیمتیازێکی سیاسی زیاتر بۆ خۆیان، شتێکی دیکەیان لەبەرچاو نیە کە پێوەندی بە مافی خەڵکی کورد و چارسەری کەشەی کورد و ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بێت.
ئەوەش کە ئێستا زیاتر خەریکە یاری و مامەڵە بەم کۆبسەوە دەکات و بەناوی "نوێنەری کورد"ەوە دەستپێشخەری دەکات، بارزانی و پارتیە، کە هیچ لاریەکیان نەک لە سیاسەت و دەخالەت و پیلانەکانی تورکیا نیە، بەڵکو لەڕیزی پشتەوەی هاوکاریکردنن بۆ پیلانەو دیانەوێت ئەنەکەسە بکەنە ئامڕازێکی هەسەدە و خۆشیان لەگەڵ حکومەتی ئایندەی سوریا ڕێکەوتن ئەنجام بدەن و سود لە پێیامەکەی ئەجەلان وەرگرن.
وەسام بە کەشەی کورد و مامەڵە بە کەشەی کورد دوو کۆبسی زەرجیاوازن. تەواوی مژووی ئەزمونی هەسورانی سیاسی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورد، مامەڵەکردن بووە بەم کۆبسە و بژیانی خەڵکی کوردستانەوە، بە پاشکۆبون و تەکەبونیان لەنەو گەمەو ململانێی بەرژەوەندی ووڵاتانی سەرمایەداری زلهێزی دنیادا، حسابەتی وردیان بۆ دەستکەوتکانیان کردووە.
پێویستە خەڵکی کوردستان فریو نەخۆن بەوەی کە پێیانوابێت لەم دەخەدا لایەک لە کەشەی کورد دەکرێتەوە. پێویستە هەگە نەدەن ئەم ئەزمونە چەندبارە بێتەوە. چاوەڕێی قەدەری ململانێکان نەبن کە

پەیانوابەت سودکی بە کورد دەبەت، بەکو لە هەموو کات زیاتر کاتی ئەو هاتووە، بە یەکجاری دەسبەرداری ئەو خەشخیالیە بن کە ئومەدو چاوەوانییان ببەستنەوە بە سیاسەتی حزبکانی کوردایەتیەوە.
بەجیا لەوەی لە هەر بەشکی کوردستاندا کە کەشی کورد بەتە واقعیەتک و مەسەلەیکە پێوستە وەام بدرێتەوە، دروستترین و کارسازترین رێگا گرانویە بە رای خەکی کوردستان کە لە ریفراندەمکدا بریار لەسەر جیابونەوە یان مانەوە لەگەڵ ئەو ووڵاتەدا بدەن، هەر بەیە پێویستە ئەو ببینین کە لە هەگبەی بانگەشەی ئاشتی ئەردگان و باخچەلیدا بەرکەوتن یا رەنکەوتن لەگەڵ پەکەکە و ئۆجەلاندا، باسک لەسەر چارەسەری کەشەی کورد و مافکانی دانیشتوانی کوردستانی تیا نیە.
لەهەمانکاتدا دانیشتوانی هەرێم لەگەڵ خەباتیان بە کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی حزبە ناسیونالیست و ئیسلامیکان، پێویستە خەیان بیار بدەن لەسەر دامەزراندنی دەسەڵاتی خەکی و دیاریکردنی ئایندەو چارەنوسی سیاسیان.

عوسمانی حاجی مارف

پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان، هەوەشاندنەوەی PKK، یان دەستپەکردنی قۆناغکی نوێی خەبات؟.. مەسعود مەموزینی

لەدوای پەیامی ئۆجەلان، لەلایەن خەکانکەوە هەخنەی زۆری لەگیراو لە هەندەك حاڵەتدا تاوانباریش کرا، بەڵام من پەم وایە لە زۆربەی حاڵەتکاندا، هەڵەتگەیشتنکی زۆر بە ئەو پەیامە هەبووە. بەیە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو پەیامە بنووسم و تەوەرە سەرکیەکانی شیبکەمەوە.
عەبدوڵا ئۆجەلان، هەبەری زیندانیکراوی PKK، لە پەیامکی دا بابەتکی هەستیار و جگای پرسیار دەوروژێنێت، بەڵام ئایا کاتی

هێواشاندنەوەی PKK هاتووە؟ ئەو لەم پەیامەدا، لە لایەکەوە باس لە زەمینەی دامەزراندنی PKK دەکات و لەلایەکی تر، گەرانکاری و هێومەرجی نوێ، وەک هەکارێک بۆ کۆتایی هێنانی PKK دەبینێت. ئایا ئەم بانگەوازە بۆ هێواشاندنەوە، بەیارێکی ستراتیژی و تاکتیکییە، یان لەژێر فشارەوە بووە؟ و لەوێش گرنگتر، ئایا ئەمە کۆتایی هاتنی PKK دەبێت؟

PKK بۆچی دروست بوو؟

لە سەرەتای پەیامەکەدا، ئۆجەلان هەکارەکانی دروستبوونی PKK باس دەکات. ئەو دەڵێت کە ئەم هێکخراوە وەک وەڵامێک لەبەرامبەر نکۆلیکردن لە ناسنامەی کورد و قەدەغەکردنی ئازادی بیرکردنەوە لە تورکیا دروست بووە.

دەوڵەتی تورکیا نەک تەنها مافە کولتووری و سیاسییەکانی کوردی قەدەغەکرد، بەڵکو هەر وشەی کورد و کورد بوون، هووبێووی چەوساندنەوە و بەهەزەوە وەڵام دەدرایەوە.

بەڵام خاڵێک کە ئۆجەلان بەرجەستەی دەکات، هێواشانەوەی سیاسیزمی بنیاتنراو بە هەکاری ناوخۆیی، شکستی نکۆلیکردن لە ناسنامە لە وڵاتەکە و پشکووتنی ئازادی بیرکردنەوە، وایکرد پەکەکە واتای خۆی لەدەست بدات و پێویستی بە خۆهێواشاندنەوە هەبێت.

بۆیە پەکەکە کە وەکو ئامرازێك بۆ قەناغێکی دیاریکراو ئەرکەکەی کۆتایی دێت. لەهەمانکاتدا ئەو ئۆفکارەش هووبێووی شکست بەتەوە کە پەکەکەی لەسەر بنیاتنراوە، کەواتە لەرەدا قەناغێکی نوێیە، پێویستی بە ئۆفکار و ستراتیژیەتێکی نوێیە لە قەناغێکی نوێی خەبات لەپێناو کۆمەڵگایەکی دیموکراسی.

پەیوەندی مژووی کورد و تورك

پەیوەندییەکانی کورد و تورك؛ لە مژووی هەزاران ساڵەدا تورك و کورد بە مانەوەی خۆیان و خۆپاراستن بەرامبەر هەژموونگەراکان، هەردەم بە پێویستیان زانیوە لەنێو هاوپەیمانییەکی دەخوازاندا بن.

هەرچەندە لەرەدا، وەکو مژوو هەمیشە کورد هووبێووی ستەم بووە لەبەرامبەر تورك، بەڵام ئۆجەلان لەوانەیە وەکو نیازپاکییەك ئەو باسەی وروژاندبێت بۆ ئەوەی مژوویەکی نوێ دەست پێکەن لەگەڵ تورك و دووبارە هاوپەیمانییەکی دەخوازانە بە کورد و تورك بپێویست دەزانێت بە مانەوە لەبەرامبەر دونیای دەرەوەدا، کە ئەمە ناوچەکە لەبەردەم هەڕەشەدایە.

ئایا کاتی هێواشاندنەوەی PKK هاتووە؟

بەشکەی زەر گرنگی پەیامی ئۆجەلان، بانگەوازکردنە بە

هێواشاندنەوەی PKK و لابردنی چەکەکانیەتی. ئەو بەرامبەر ئەندامەکانی ئەم هێکخراوە دەڵێت: "تا وەك ئەو کەمەگە و پارتە هاوچەرخانەی بەزرەملە کۆتاییان پێ نەهێنراوە، ئەوش دەخوازانە کۆنگرەیەك ببەستن و بڕیار بدەن؛ پێویستە هەمووتان کەبنەوە و چەکەکانتان دابنێن و پەکەکە خۆی هەبوشێنێتەوە."
لەم وتانە دەتوانین دوو دەرئەنجامی سەرەکی وەربگرین:
بانگەواز بە هێواشاندنەوەی ئارەزوومەندانە: ئۆجەلان دەڵێت کە ئەندامەکانی PKK پێویستە خۆیان و بە ویستی خۆیان هێکخراوەکە هەبوشێنێنەوە. کە ئەمە لایەکەوە بە کۆینی کاتە، بە ئەوەی پێش هێواشاندنەوە، چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دواتری تورکیا بن. هەروەها ئامادەکاری بە هەنگاوی دوای هێواشاندنەوەی پەکەکە بکرێت.
هەشداری: لە هەمان کاتدا، ئەو هەشداری دەدات کە ئەگەر ئەم هێوانەدات، لەوانەیە هێووبوونەوەی کۆتایی پێهێنانی زەرمەی ببنەوە. ئەمش نیشانەی ئەوەیە کە دەیەوێت ئەندامەکانی PKK بە تەواوی لە گرنگی ئەم بڕیارە ئاگادار بن و بە ئامادەباشی هێووبوونەوەی ئەنجامەکانی ئەم گەڕانکاریەیە ببنەوە.
لەرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم بڕیارە تەنها هەڵبژاردن نییە، بەڵکو ناچاریەکیشە، چونکە ئێرکەکەی PKK لەم قۆناغەدا کۆتایی هاتووە، بەڵام بەستنی کۆنگرە و هێواشاندنەوەی ئارەزوومەندانە، دەرفەتێکی زێڕ بە پەکەکە دەدات، بە ئەوەی بە دیراسەکە و هەڵسەنگاندنەکی ورد، شێوازی خەباتەکەی بگۆڕێت، بە ستراتیژیەکی نوێ و هێزەکی نوێ و گونجاو لەگەڵ کەمەگای دیموکراسی کە لەگەڵ ئەم قۆناغە گونجاوبێت. لەهەمانکاتدا ئەمە کاتێکی زیاتر بە پەکەکە دەدات لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، بڕیاری هەنگاوەکانی تورکیا بدات پێشوە. کەواتە پەکەکەی نەخستەتە بەردەم بڕیارێکی کتوپڕ، بەڵکو پێش خۆهێواشاندنەوە و چەکدانان، پێویستە ستراتیژیەتی قۆناغی داهاتوو دیاری بکرێت.
هەشداریەك بە تورکیا
سەدەی دووەمی کەمار، تەنها ئۆکاتەی دیموکراتیزە دەکرێت، دەتوانێت ببێتە خاوەنی یەکێتی و مانۆیەکی هەمیشەیی. جگە لە دیموکراسی، هیچ هێگەیەکی تر هێی تەناچێت.
بەیە لەبەرامبەر هێواشاندنەوەی پەکەکە، هاوکات ئۆجەلان پەیامەکی هێوون و یەکلاکەرەوە بە تورکیا دەنێرێت، کە دەڵێت داهاتووی کەماری تورکیا پێوەستە بە دیموکراتیزەکردنەوە. ئەگەر تورکیا ئەوەنکات هێووبوونەوەی پارچەبوون و گرفتی گۆرە لەبەردەم مانۆی خۆی دەبێتەوە.
ئۆجەلان ئاماژە بەوەدەکات کە تورکیا لە سەدەی دووەمی کەماری

خۆیدا، تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت یەکپارچەیی و مانەوەیەکی جگیر بەدەست بهێنێت کە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئاستەقینە هەنگاوبنێت. ئەم ستایلە لە ئاستیدا هەشداریەکە، ئەگەر تورکیا دیموکراسییەت هەڵنەبژێرێت، ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانی گەورە دەبێتەوە و لەوانەیە یەکپارچەییەکەی بکەوێتە مەترسیەوە.

"جگە لە دیموکراسی، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە تەناچێت"

لێرەدا ئۆجەلان هێڵی سوور دیاری دەکات: کە دەبێت کە چەوساندنەوە، شێوە، نەتەوەپەرستی تونددەو، و سیاستەکانی ئەمنی ڕێگەچارە نین. تورکیا لەوانەیە تا ئێستا توانیبێت بە هێز و چەوساندنەوە پرسی کوردەکان سەرکوت بکات، بەڵام ئەم ڕێگەیە چیتر کاریگەر نییە. تەنها ڕێگای ئاستەقینە دیموکراسییە.

کەواتە ئۆجەلان چ پەیامێک بە تورکیا دەنێرێت؟

ئەگەر تورکیا بیەوێت وەک وڵاتێکی جگیر بمێنێتەوە، ناچارە کێشەی کوردەکان لە ڕێگەی دیموکراسییەوە چارەسەر بکات. ئەم پەیامە دەتوانرێت وەک جۆرێک لە ئەتیماتۆمی نەرم و ئاگادارییەکی ستراتیژی دابنرێت.

PKK لەناو دەچێت؟ یان شەوازی دەگۆڕێت؟

لە پەیامی ئۆجەلاندا، هیچ باسێکی ئاستەوخۆ نییە لەسەر ئەوەی ئەگەر تورکیا لە سیاستە چەوسێنەرکانی بەردەوام بێت، PKK دووبارە دەردەکەوێت. بەڵام بە شیکردنەوەی پەیامەکە، دەتوانرێت ئەم ئەگەرە لێکبدرێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت پەیامەکە بە پێی لۆژیکی خۆی شیکردنەوەی بە بکەین، ئەنجامەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- PKK وەک وەڵامێک بە چەوساندنەوە و نەهێشتنی ناسنامەی کوردی و ئازادی بیرکردنەوە دروست بوو.
- ئۆجەلان پێی وایە کە ئەم بارودۆخانە بەشێوەیەک گۆڕاون، بۆیە پێویستە PKK هەبوونەشتەوە.
- بەڵام ئەگەر ئەم بارودۆخانە دووبارە بگەڕێنەوە، ئایا PKK یان ڕێکخراوێکی تر جگەی دەگرێتەوە؟

ئەم پرسیارە ئێوەیە کە ئۆجەلان بە ئاستەوخۆ وەڵامی نەداوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە پەیامەکەدا هەستی پێدەکرێت.

کۆتایی بە قۆناغێک و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ؟

پەیامی عەبدوڵا ئۆجەلان، زیاتر لە بانگەوازێک بە هێورشاندنەوە، هەشداریەکی نهێنییە دەربارەی داهاتوو. ئەو

دەت کە بارودۆخەکان گۆاون و پەیستە PKK هەوەشتەوە.
بەام لە هەمان کاتدا، ئەو دەزانەت کە ئۆگەر کەشە بنەتییەکان چارەسەرنەکرەن، کەتایی PKK بە مانای کەتایی ناەزایی و بەرگری نابەت.
ئەم پەیامە دەتوانرەت وەک بانگەوازەک بە ئاشتی لەکبەدرەتەوە، لەهەمانکاتدا وەک هەشەیەک بە گەانەوەی پەکەکە ئۆگەر تورکیا بەرەو کەمەگای دیموکراسی هەنگاو نەنەت.
ئایا تورکیا لەم هەلە سوود دەگرەت بە چارەسەری ئاشتیانەی کەشەی کوردی؟
یان بە بەردەوامبوونی لەسیاسەتی چەوساندنەوە، پەکەکە بەهەزتر دەردەکەوەتەوە؟
ئەم پرسیارە تەنها داهاتوو وەاەمی دەداتەوە.

کازیوەیەک لە خوەنی ئاە.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

(١)
بە بینینی دەریاچەی خوەنینی کازیوە
خەم لە بیرکرد
چی بەئەقریەک دەم ئەبات
بە درەژایی کەنارەک لە چەیا
تەر گریام، لە دوورەوە
زرنگە زرنگی کەساکان
کەترە تەنیا بە جەگەکانی تەرە کرد
مانگ هەشتا
فرمەسکەکی زیویی بە چاوەوە بوو
زانیم دەبە زەرتر بەم
بەرەو بریسکەی ئاو پلیکانەی، دەگەنە
چرا درەوشاوەکانی ئاو هەورانەی
بە رەشتنی پەریەک دەی شکا

(٢)
ترسم لە نەهاتنی پایزەکی تر..و
لە نەو گیا سەوزە تەنکانا
گیانم دەرچێ
لەویشم هەشتا پێ بە
لە چرێی ئاگی شیعر

(٣)
غەمناکە شەقام ، ئێستا، سەرم
بەرزئەکەمەوە، دەشێ
پەرژینی درێژکراوەی
کەنار دەریا بە تەلیسمی
سەوز و
پەمایی دەورە درابن، ئەوانە
پەرژینی فرمێسکی
نامەیمن، کەلگە دوورەکانی غوربەت، کە هەر
نایگەمە و دە دەنگ
هەر هەنگاو بنێ
هەر دەیگەیتێ

(٤)

لە خەم دەپرسم، چەند جاری تر دەتوانی
بە سەمەرەیی
بە کەنانە تاریکە خەوتوەکانا تێپەڕی
بە ترسی کەوتنە نەو زەلکاوی
بیرەوەری ژەهرینی شارێک نغرۆ
دەرکپێکردن بەوەی
کە هەرگیز لەرە نامێنم، خەشبەختیشە
بەوەی کە کاتێ بوون
جێگاکانیش ، دەربەندی پێ حەسرەتن
هاتن و چونیش
یارێکی غەمگینە
لە نەوان کابووسی گۆربوون و
هەڵهاتنی کەم تەمەنی
خەری منداڵێکی رەوشن

گیرفان بینی هژاران.. ئەحمەد رەزا

جەن پیەر کەنزی هەگبەاوە لە سی ئای ئی، لە ئەکەوتنەکی لەگەڵ سەرکی سریلانکای پشوو، ئەڵێ: هەرچی خەت و خزم ە کەس و کارو ئەوی تە ناویمان بدەیتە، خوەندنیان لە ئەمریکا ئەبە و پیاسەو گەڕانیان لە ئەوروپا، باج لەسەر دەوەمەندو پرژەکانیان ئەمزیی ئەبە و لەسەر ئەوانیتری زیاد ئەکەی، پەنج ملیار دەلارت ئەدەینە و وەاتەکەت ئەکەین بەنمونەی جوانترین وەاتی جیهان، ئاو و ئاوەو کاربات بە نوەترین تەرزی جیهانیی دابین ئەکەین.. سەرکی وەاتیش پەی ئەڵێ: جا ئەوە لەم خزمەتکردنە چ سوودەکتان دەست ئەکەوە، ئەوەی ئەمنەتەوە گیرفانی بەتاەو هیچی تیا نییە، کەنز ئەڵێ: ئەمە ئەو هیچەمان بەسە.

((ئەمە ئەککەوتنی بانکی نەو دەوەتیی و سریلانکابوو، ئەنجامی بە هەڕەهاتنی بەرپرسانی سریلانکا کەتایی هات، کە بینیمان))

پرژە نوێکانی ئەم وەاتەش هەمان ئەککەوتنە لەگەڵ ئەو بانکە کە بە ئەژدیهاکە ناسراوەو دوای سی ساڵ لە سەپاندنی مەرجەکانی، پلانەکانی پیادە ئەکا.

پرژەکانی پەینت تو پەینت و هەژماری من و ەوناکیی و هەناردە کردنەوەی نەوت، بە کەمپانیاکانی ئەژدیهاکەو بە کرچی کردنی هاونیشتیمانیی و خوەندنە ئەهلییەکان و نەخشخانەو پێوەندیی و گواستنەوەو بەرەاکردنی بازاەو نەک بازاەی ئازاد زەریتریش بە بینی گیرفانی بەتاە مەحروم کردنیەتی لە ژیانی شایستە وەک مرۆڤ.

لە هەرەم هەموو ئەو نادادییە زەرەملییانەی بەسەر خەڵکدا بە زەبری چەک و چاو سوورکردنەوە ئەسەپێنرە، بەرامبەر مانەوەی ئەو حزبانەی لە ئەککەوتنەکەدان ئەکرە.. چ شتەکیتر لە گۆڕ نییە، بەڵام لە هەرەم ژمارەی پەوانەیی زەبرو زەنگ، گەیشتووتە بەرزترین پلەی باڵا.

چەک دانانی پەکەکە بە تورکیا چی دەگەیەنێ؟.. ئاسۆ کمال

پرسەی چەک دانانی پەکەکە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی سیاسی دەبێ بە کەمێگەی تورکیا بەوەی دەوزەمەی بیانوی "تیرۆر" بدەست دەوڵەتی تورکیاوە نامێنێ.
بەم بیانوی تیرۆرەوە نیوسەدەیە دەسەڵاتی میلیتاریستی و سیاسەتی شۆڤینیزمی دەوڵەتی تورکیا کوردستانی کردۆتە سەربازگەیەک و دواکەتویی ئابووری بەسەردا سەپاندوە، وە هەروەها ناکۆکی نێتەوەیی و ئایدیۆلۆژی شۆڤینیستی کۆلۆن و قەشتی گەورەی لە نێوان چینی کرێکاری تورکیا و ئێزێکانی خەبات بۆ ئازادیی سیاسیکاندا لەسەرانسەری وڵاتدا درێژەپداوە.
بەناو پرسیاری سەرکی ئەوەیە کە ئەردۆگان و حکومەتەکەی و حزبە شۆڤێنستەکانی نەودەوڵەتی تورکیا لەم پرسەی "نەمانی تیرۆر"دا بەدوای چیەوەن؟
بەگومان ئەوە یەتەپیای "کەماری دیموکراتی تورکیا"ی ئۆجەلان نیە کە چارنوسی ئەم هەنگاوانەی ئەردۆگان و باخچەلی و حکومەتی تورکیا دیاری دەکا، بەڵکو وەک ئەم داڕێژرانەی پرسەکە خۆیان ڕایانگەیاندوە ئامانجی ئەم پرسەیە ڕزگاربونە لە دەوزەمەی "تیرۆر"ی ناوخۆ لەپناو یەکیزیاندا بە خزمەت بە گۆشەی بازاڕی سەرمایە و زلهێزی ناوچەیی دەوڵەتی تورکیادا.
حکومەتی تورکیا لە سایەی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ونەخشەی نوێی ئەمریکادا بەدوای پاوانخوازیی ناوچەییەوەیە. وەک هەزکەی ناوچەیی لە سوریا و کوردستانی عێراق و ناوچەکە درێژە بە دەستدرێژیە سەربازی و سیاسیکانی دەدا و لەڕشەوە دەیەوە ڕۆگریە ناوخەییکانی "تیرۆر" ی سەربازی پەکەکە لەبەردەم خەیدا لابەرێ.
هەربۆیە بەپێچەوانەی بانگەشەی ڕۆگاچارەی دیموکراسی ئۆجەلانەوە دەوڵەتی ئێستای تورکیا خۆنی دیموکراسی نیە، بەڵکو خۆنی بونە ئیمپراتۆری ناوچەکەی کردۆتە ئامانجی ئەم قۆناغەی.
چەک دانانی پەکەکە قوربانیەکی سەربازیە کە ئەم هەزو بزوتنەوەیە لەپناو فرسەت پێدانی زیاتری سیاسی بە دەمپارتی و باڵە سیاسیەکەی خۆیدا دەیدا، ئەمە هەوڵی حزب و بزوتنەوەیەکە بە چارسەری ئاشتیانەی شۆڕ لەسەر دەسەڵات و گرتنەبەری ڕۆگەی پەرلەمانی دیموکراسی، هەر بەو شێوەی تا ئێستا دەمپارتی کردوەتی.
نەمانی بیانوی "تیرۆر" و کۆشەی دوژمنایەتی نێتەوەیی زەمینە بە

بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان خەباتی کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لە تورکیادا لەگەڵ خەباتی سەراسەری کرێکاران و ئازادیخوازانی تورکیا خەش دەکا دژی حکومەتی ئەردۆگان و سیاسەتی سەرکوت و میلیتاریستی و پاوانخوازیی ناسیونالیزمی تورکی لە ناوچەکەدا.

ئاسۆ کمال
ئازاری ٢٠٢٥

حەوت بروسکە چیرۆک.. نوسینی: تاتیانا ئەلکسیێڤا.. وەرگێڕانی : نێوزاد بەندی

— 1 —

لە کەتایدا بە شاسواری خۆنەکانم گەیشتم ، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم خۆنەکانم ئەوەندە هیچ و پوچ بن .

— 2 —

لە دادگا هاوسەری سێیەمم ناسی ، کاتێ بەرگری لە هاوسەری دووەمم ئەکرد کە بە ئوتومبیل هاوسەری یەکەممی شەلا بوو .

— 3 —

لەگەڵ هاوسەرکەمدا بوو بە شەمان ، حەبەکی ڤیاگرام بە کردە ناو شەرباکەیەوە ، دوو سەعاتێ بە هەر کوێ بچم بە دوامەوەیە و داوای لێبوردنم لە ئەکا .

— 4 —

دایکم هەر کاتێ شەحنەی مۆبایلەکەی تەواو بێ ، وا ئەزانێ مۆبایلەکەی شکاوە ..باوکم دەفتەرێک لە گیرفانیدایە ،ژمارەی تەلەفۆنکانی تەدا نوسراوە، لە کاتی تەلەفۆنکردندا پەنای بێ

ئەبات ، پورم لایتی مەبایلەکەی بە ەوناککردنەوەی کاتژمێرەکەی مەچەکی بەکاردێنێت تا بزانێت کات چەندە ، پرسیارێک یەخەم پێ ئەگرێ : ئەم نەوەیە چۆن توانیویانە بگەنە سەر مانگ ؟

___ 5 ___

من کە تەمەنم حەوت ساڵان بوو ، لەگەڵ کوێکی هاوسەمانا یاری ژن و مێردمان ئەکرد ، ئەو وا خۆی نیشان ئەدا کە بە ماندووێتیی لەسەر کار گەڕاوەتەوە ، منیش خواردنم لێ لەم بە دروست ئەکرد .
ئێستا تەمەنم ٤٠ ساڵە ، ئەو یارییەی مناڵیم ، تاکە پەیوەندیی ڕاستەقینەی ژیانمە .

___ 6 ___

ئەمڕۆ کچێکی هاوڕێم ئاهەنگیی دەیەمین ساڵی هاوسەرگیریی گەڵا .. شانازیی بەوە دەکرد کە جلی بوکێنییەکەی پێشیبەوە و شانازیشی بەوە ئەکرد کە پێشاکەکە بەبەری تەنگ نەبووە .. نەمویست بە بیری بهێنمەوە کە کاتێ شوی کرد ، سکی نە مانگ بوو .

___ 7 ___

هاوسەرەکەم پێی ووتم ئەگەر جارێکی تر خیانەتی لێ بکەم خۆی ئەکوژێ . لێوکاتەوە هیچ شتێکی پێ ناڵێم ، بەو جۆرە حەوت جار ژیانیم لێ مردن ڕزگار کردووە .

•
•
•

سەرچاوە:
https://feneks.net/art/2literature/70818-2023-12-14-08-43-24

کێلی براوەی مەدالیای نیوبەری بە پەرتووکی منداڵان ٢٠٢٥..

ڕەزا شوان

خاتوو (ئیرین ئینترادا کەلی) نووسەرێکی بەناوبانگی ئەمریکییە لە بواری نووسینی چیرۆک و ڕۆمان بۆ منداڵان و نەوجەوانان، بۆ جاری دووەم بوو بۆ براوەی مەدالیای نیوبەری بۆ باشترین پەرتووکی منداڵان. ئەم خەڵاتەش ساڵانە دەدرێت بۆ نووسەرێکی خەڵکی ئەمریکا، کە لە ساڵی پێشتردا، باشترین پەرتووکی بۆ منداڵان نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە. پەرتووکەکەش لەژێر ناونیشانی چەندین پەرتووکی کاندیدکراوادا، لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆری بواری وێژەی منداڵان، کە سەر بە کۆمەڵە پەرتووکخانەکانی ئەمریکایە، بۆ زۆرینەی دەنگەکانی ئەندامەکانی، بۆ وەرگرتنی مەدالیای نیوبەری هەڵدەبژێردرێت.

پەرتووکی ڕۆمانی (یەکەمین دەخی بوون) لە نووسینی ئیرین ئینترادا کەلی، کە لە (٢٠٢٤) لەلایەن (خانەی چاپکردنی گرینویلە) ی سەر بە دەزگای (هارپەر کولینز) ەوە بڵاوکرایەوە. مەدالیای نیوبەری بۆ ساڵی (٢٠٢٥) بۆ باشترین پەرتووکی منداڵان بە دەستهێنا. خەڵاتەکەش لە فێنیکس، لە ڕۆژی دووشەمەی (٢٧/ ژانویە/٢٠٢٥) لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی پەرتووکخانەکانی ئەمریکا (ئەی ئەلا ئەی) یەوە پێشکەشکرا. بەمەش ئیرین کەلی بوو بە حەوتەمین نووسەری ئەمریکی، کە دووجار ئەم خەڵاتەیان بەدەستهێناون. ئیرین کەلی لە ساڵی (٢٠١٨) دا، یەکەم مەدالیای نیوبەری، لە پەرتووکی ڕۆمانی (ڕۆژباش گەردوون) بۆ منداڵان بەدەستهێنا.

ڕۆمانی (یەکەمین دەخی بوون) یەکێکە لە پەرتووکە پەفرۆشکانی نیویۆرک تایمز لە ساڵی (٢٠٢٤) دا. چیرۆکەکە باس لە گۆشتکردن لە میانەی کاتەکانەوە دەکات. باس لە کەشتی ساڵی ٢٠٠٠، خەزان، هاوڵەتی، دەڵاوک، لەدەستان، پاراستنی ژینگە، جیاوازیی چینایەتی،... هتد. دەکات. پەرتووکی (یەکەمین دەخی بوون) کاندیدی کۆتایشە بۆ وەرگرتنی (خەڵاتی پەرتووکی نیشتمانی) لە ئەمریکادا.

(مایف قەسەر ـ نەت) ی سەرکی لیژنەی مەدالیای نیوبەری دەڵێت:" ئەمە سەرسام بوویین بە توانای کەلی لە تێکەڵکردنی ژانرەکان لە چیرۆکێکی ئاڵۆز و سەرجەاکێش کە وا لە خوێنەران دەکات، بزانن هەریەکەمان گرنگین".

ئیرین کەلی دەڵێت:"لە منداڵییەوە خوێنی من بووە، کە ببمە

نووسەرەکی پەرتووکی چاپکراوی بەاوکراوە. لە ئەندێشەمدا نەبوو کە هەموو ئەمانە رووبدەن. تا ئێستا هەستەکی سەیر و سوریالی و سەرسوهێنەرە بە من، کە خەڵک بە پلەی یەکەم پەرتووکەکانم دەخوێننەوە. سەرەڕای رەزلێنانیان".
ئیرین کەلی لە باشووری لوزیانا گەورە بووە، بە ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵیش لە شاری میدلتاون لەگەڵ خەزانکەیدا دەژی.
ئیرین کەلی، بەوانامەی بەکالەریۆسی لە تۆژینەوەی ژنان و هونەرە ئازادەکان لە زانکۆی ویلایەتی مکینیز وەرگرت. ماستەریشی لە هونەرە جوانەکان لە ئێندیشەدا لە کۆلێژی رەزمانت وەرگرت. لە ئێستادا کەلی مامۆستایە و لە ویلایەتی دەلاوەر دەژی. لە بەرنامەی (ئەم ئەف ئەی سی) ی ماستەر نووسین بە منداڵان و نەوجەوانان لە زانکۆی هاملین وانە دەڵێتەوە. چێژ لە سەردانی خوێندکاران لە قوتابخانەکانی جیهان وەردەگرێت.
ئیرین کەلی پێش ئەوەی ببێتە نووسەری پەرتووکی منداڵان، وەک رۆژنامەنووس و سەرنووسەری گۆڤار لە ویلایەتی لویزیانای زێدی خۆی کاری کردووە. چەندین خەڵاتی لە کەمپەی رۆژنامەوانی لویزیانا و ئێسۆشێتد پریس بە رۆژنامەگەریی خزمەتگوزاریی کەمپایەتی و نووسینی وتار و سەرنووسەر وەرگرتووە.
زیاتر لە (٣٠) کورتە چیرۆکی نووسیوە و بەاویانی کردۆتەوە. خەڵاتی کورتە چیرۆک و خەڵاتی رۆژنامەی ئازادی فلیپینی بە کورتە چیرۆک وەرگرتووە.
ئیرین کەلی لە هەشت ساڵیەوە دەستی بە نووسین کردووە. تا ئێستا کەمپەکی زۆر چیرۆک و رۆمانی بە منداڵان و نەوجەوانان نووسیوە وچاپیانی کردوون و بەاویانی کردوونەتەوە. تەمەنی پاڵەوان و ئەکتەرەکانی چیرۆک و رۆمانەکانی لەنێوان (٨ ــ ١٢) ساڵانن. کارەکانی بە زیاتر لە (١٢) زمانی جیهانی وەرگێڕدراون. بەجگە لەو دوو مەدالیایەی نیوبەری، چەندین خەڵاتی تری وەژێی لە نووسین بە منداڵان و لاوان بەدەستهێناوە. لەوانە خەڵاتی نیوبەری لە ساڵی (٢٠٢١) لە پەرتووکی رۆمانی (خەون بە بەشایی ئاسمانەوە دەبینین). خەڵاتی (ئاپالا) ی ساڵی (٢٠١٧) بە پەرتووکی (خاکی کچە لەبیرکراوەکان). خەڵاتی (نایبا) بە پەرتووکی ساڵی (٢٠٢٣). چەندین خەڵاتی تری.
کەلی دەربارە ی بەدەستهێنانی مەدالیای نیوبەریی ساڵی (٢٠٢٥)

دەڵێت:" کاتێک کە پەرتووکەکەم – یەکەمین دەخی بوون – م تەواوکرد، چاوەڕێی هیچ ستایشەکم نەدەکرد" کە ناوای بۆ براوەی مەدالیای نۆبڵی راگەیاندرا، نووسەرانەکی زۆری وڵاژەی منداڵان، لە سۆشیال میدیاکاندا، دەستخۆشی و پیرۆزبایییان لێ کەلی کرد.

کە لێیان پرسی چۆنێ وا هەگری نووسین بۆ منداڵان بوویت؟ لە وەڵامدا وتی: "منداڵان و نەوجەوانان، وزەیەکی زۆریان هەیە، ئەندێشەیان بە سنوور، کنجکاوی و راشکاو و راستگۆن".
(*) بۆ ئەم نووسینە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.

دوبەی: ٢٠٢٥